# دکتۆر مەحمود عوسمان: ئەوانەی کارە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتیان ئەنجامدا، باوەڕیان بەژیان نییەو لەتاریکیدا دەژین

سازدانی: هەژار سدیق-حەمید ئەبوبەکر

بەشی یەکەم

**بەڕێز د.مەحمود عوسمان کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوی کوردەو ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی حوکمڕانیی ئینتیقالیی عیراقە لەو پێنج کەسەی گرووپی کوردیی لەئەنجومەن، پاش کارەساتە تیرۆریستییەکەی 1ی شوباتی هەولێر، بەباشمان زانی دیدارێکی لەگەڵدا سازبدەین کەبریتی بوو لەچەندین تەوەرو خاڵی گرنگ، سەرەتا پرسیمان:**

***تۆ وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی حوکمڕانیی عیراق ئەو کارەساتە شوومەی یەکی شوبات چۆن وەسف دەکەن..؟**

-پێشەکی وەك کوردو وەك عیراقییەك، ئەمە دەڵێم: ئەو کارەساتە زەنگێك بوو بۆ هەموو لایەك کەکەموکوڕییەکانی خۆیان چاك بکەن، چونکە ئێمە لەنێو ماڵی کوردا کەموکوڕیمان زۆرە، تائێستا هەوڵدراوە یەکبگرن کەچی نەکراوە، چونکە ئەمە کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیە چ لەڕووی ژمارەی شەهیدو بریندارانەوەو چ لەڕووی جۆری ئەنجامدانی تاوانەکە، لەوەی کە لەهەمانکاتدا هەردوو لای گرتووەتەوە. ئەمەیان دەبێت هانی ئەو خەڵکە بدات کەوا گۆڕان بکەن، یەکگرتنی تەواو دروستبکەن، یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکانو دەزگاکانیان بەگشتیو (دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس) بەتایبەتی (زانیاریو پاراستن) ئەگەر ئەوانە یەکیان گرت، کەس ناتوانێت زەفەریان پێ ببات. بمانەوێتو نەمانەوێت تازە دووچاری جەنگێکی جۆری تازەبووین کەجەنگی دژە تیرۆرەو جەنگێکی تازەو جیاوازە لەگەڵ ئەو جەنگانەی لەگەڵمان کراوە بەتۆپو فڕۆکەو تانكو زرێپۆشو تەنانەت بەچەکی کیمیاوییش کەئەویش جۆرێکی ترە، ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە نەهێڵین کەدوژمن دەرفەت وەربگرنو ئەو تاوانانە بکەن.. پێویستە ئێمەش ئەرکەکانی سەرشانمان جێبەجێ بکەین، لەڕووی تۆکمەکردنی باری ئاسایشی هاووڵاتیان لەسەرجەم شارەکانو دەزگاو دامەزراوە مەدەنییەکان. بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسانە، بودجەیەکی زۆری ناوێت.. ئەوکارەساتەی کەدووچاری بووینەتەوە هەموو کوردی گرتووەتەوە، لەهەموو پارچەکان دەبینین پشتیوانی هەیە. ئەمە دەریدەخات کەگەلی کورد پێویستیی بەپاراستنو دڵنیاییو گەرەنتی هەیە بۆ ژیان بۆ دوارۆژی، نەك هەر لەناو دەستووری نوێی عیراق.. بەڕای من لەم قۆناغە ئەوە دەریدەخات کەکورد مەترسیی بەردەوامی لەسەر هەیە. هەر ڕۆژەو جۆرە مەترسییەك، بۆیە پێویستیی بەگەرەنتییەکی نێونەتەوەیی هەیە وەك ڕێکخراوی نێودەوڵەتیو وڵاتە زلهێزەکان بۆ مافی خۆییو مافی ژیان، بۆ ئەمەش پێویستمان بەخەباتێکی یەکگرتوو هەیەو هەوڵەکانمان باشترو چڕتر بکەینەوە.

***ئەمریکاییەکان پاش تەقینەوەکە لێکۆڵینەوەیان کردووەو گوتوویانە" ئەم تەقینەوەیە لەتەقینەوەکانی ناو ئیسرائیل دەچێت کەفەلەستینیو ئیسلامییەکان ئەنجامی دەدەن، پێتوانییە لەڕوونکردنەوەیەکی ئەیمەن ئەلزەواهیری کەدەڵێت" ئەوانەی هاوکاریی ئەمریکایان کرد، بێ تۆڵەسەندنەوە ڕزگاریان نابێت، بەتایبەت لەئەفغانستانو عیراق.. دیارە کوردیش هاوپەیمانی ئەمریکایە ئەوە ناسەلمێنێت کەئەوان بن..؟**

-بەڵێ ئەوەی ئێستا کراوە، لەعیراقدا بەگشتی دەکرێتو شەڕی تیرۆرستەکان شەڕی خۆیان ئێستا لەعیراقدا بەهێزدەکەن، لەبەرئەوەی ئەمریکا لەعیراقدایەو ئەوانیش بەدوای ئەمریکاوەن، ئەوان ئەو ماددەیە بەکاردەهێنن بۆکاری خۆکوژیی کەزۆرترین کەس بکوژێت.. لەبەرئەوە ئەوان هیچ باوەڕیان بەژیانو پێشکەوتنی کۆمەڵگا نییەو نائومێدن لەهەموو شتێك. ئەوەی ئەیمەن ئەلزەواهیری-یش باسی کردووە هەتا بن لادن-یش بەیاننامەیەکی دەرکردووە کەدەڵێت" پێویستە لەعیراق تەرکیز لەسەر کاری خۆکوژیی بکەن، دیارە قسەی ئەوان کاریگەریی هەیە، چونکە ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، جۆرە پەیوەندییەکیان هەیە ئەگەر لەکاری ڕێکخراوەییش نەبن بەبیرو بۆچوون لەگەڵ ئەوانن..

***ئەنجومەنی حوکم بەرنامەی هەیە بۆ بەرگرتن لەو کارە تیرۆریستییانە. ئەگەر بەرنامە هەیە چییە. ئەگەر بەرنامەش نییە ئەنجومەن چی بکات یان هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم چی بکات باشە..؟**

-سەبارەت بەئەنجومەنی حوکم هەندێك بڕیاری دەرکردووەو چەند لیژنەیەکی بۆئەم مەبەستە دروستکردووەو ڕێپێوان کراوە دژی دیاردەی تیرۆر هەندێك شت کراوە، بەڵام کەموکوڕیی زۆر هەیە، پێویستە ئەنجومەنی حوکمیش لەمەودوا بڕیاری توندترو کاریگەرتر دەربکات لەوبارەیەوە، چونکە ئەم دیاردەیەی خۆکوژیو تیرۆرە هەر کوردستانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو سەرانسەری عیراقیشی گرتووەتەوە، ئەمەش دەکرێت بێگومان دەبێت پلانی بۆ دابنرێت، لەبەرئەوە ئەم دیاردەیە تارادەیەك شتێکی نوێیە لەکوردستانو عیراقدا.



***ئایا هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەت پێنتاگۆنو دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) هیچ ڕۆڵێکیان نییە بۆ بەرگرتن لەو دیاردەیە..؟**

*نەخێر" بەڵکو ئەوان نیوەی ئیشەکەیان لەئێمە تێکداوە، چونکە ئەوان شارەزای عیراق نینو عیراقیش ناناسنو نە پەیوەندییەکی ئەوتۆشیان لەو بارەیەوە هەیە، هەنگاوەکانی دەینێن بەکەس نالێن، داوای یارمەتییش لەکەس ناکەن، نیوەی کێشەو گیروگرفتەکانی عیراق ئەمریکاییەکانن.

***چارەسەر چییە..؟**

-چارەسەر ئەوەیە ئیشەکان بدرێتەوە دەست عیراقییەکان، بەتایبەت ئاسایشو کۆنتڕۆڵکردنی ڕەوشەکە. بۆ نموونە تۆ خەڵکی هەولێریت، باشتر شارەزای لەیەکێکی تر، بەڵام ئەمریکاییەکان دەتوانن یارمەتیمان بدەن بەتەکنۆلۆژیای نوێو توانای شارەزایی خۆیان لەڕووی پاراستنی ئاسایشەوە، بەڵام ئەو بەتەمابێت دەزگامان بۆ دروستبکاتو هەر خۆشی کارەکە ئەنجام بدات، نەخەڵك دەناسێتو نەکەسیش دەیناسن، بێگومان پێیان ناکرێت، ئەمەش لەبەرچاومانە کەچی ڕوودەداتو ناتوانن بەربەرەکانێی دیاردەی تیرۆریزم بکەن..

***سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال، کەڕژێمی بەعس-ی لەناوچوو بەسەر گەلی کوردی هێنا، هیچ یەکێك لەبیریارانی ئیسلامو عەرەبی پێناسەیەکیان بۆ ئەنفال نەبوو.. لەبەرئەوە وشەی ئەنفال ناوی سوورەتێکی قورئانیی پیرۆزە، بەهەمان شێوەش ئیسلامییەکان پێناسەیەکیان نییە بۆ تیرۆر.. بەڕای تۆ کێ تیرۆریستە..؟**

-ئەوانە تیرۆریستن کەخەڵکی بێگوناه دەکوژن، ئەوان هاتوونەتە ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی شەڕی ئەمریکا بکەن، ئەگەر بەتەنیا لەئەمریکاییەکانیاندا، ئەمە شتێکە، بەڵام ئەوان باڵیۆزخانەو بارەگای (UN)و خاچی سووری نێودەوڵەتی دەتەقێننەوەو کەسایەتیی وەك محەمەد باقر شەهید دەکەنو لەیەکی شوباتیش پۆلێك سەرکردەو هاووڵاتیی کورد شەهید دەکەن ئەو کردەوە قێزەونانەی ئەنجامیانداوە، 90%ی ئەمریکایی نین، بەڵکو ئەوان زیان لەپێداویستییە زیندەگییەکانی خەڵکی عیراق دەدەن، وەك تەقاندنەوەی کارەباو بۆریی ئاوی خواردنەوەو بۆریی نەوت. بێگومان ئەمانەش پەیوەستن بەژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە، ئەم سیاسەتەی ئەوان بانێکەو دوو هەوای پێ دەڵێن، تاسەر ئێسقان، ئیزدیواجین، سەبارەت بەوەی کێ تیرۆریستە هەندێك جار بەئارەزوو بۆئەوەی دڵی لایەك لەخۆی ڕازیی بکات، ئەمریکا دەڵێت" فلان تیرۆریستە، بۆ ئیسرائیلیش حەماسو جیهادو حزبوڵڵای خستووەتە لیستی تیرۆریزمەوە.

لەهیند کشمیرییەکان دەجووڵێتەوە پێیدەڵێن تیرۆریست، نابێت هەرکەسەو بەبەرامبەرەکەی یاخود دوژمنەکەی بەتیرۆریست ناوزەد بکاتو هەولبدات بیخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە ئەمە ڕاست نییە..

پێویستە کۆبوونەوەی گەورەی نێودەوڵەتی بکرێت لەسەر تیرۆرو پێناسەیەك بۆ تیرۆر هەبێتو بتوانین ئالییەتی کارکردن بدۆزرێتەوەو بەربەرەکانێی بکەین، نەك هەر دەوڵەتەو نەیاری خۆی بەتیرۆریست بزانێت.. لەبەرئەوە سیاسەت تێکەڵاوی ئەو کارەبووە، کەنابێت ئەوە بکرێت، بەڵام بەگشتی هەروەك وتم" تیرۆریزم ئەوەیە کەخەڵکی سیڤل بکوژێت یاخود بەرژەوەندیی وڵاتێك تێکبدەیت یاخود زیان لەمیللەتو خەڵك بدەیت.. بێ ئەوەی هۆیەکی گونجاوت هەبێت، بەشێوەیەك تەنها باوەڕت بەکوشتن هەبێتو هەر بکوژەو بکوژە..هتد.

***پێتوایە ئەو باندە تیرۆریستیانە لەناوخۆی وڵات، پاڵپشتو هاریکارو داڵدەدەریان هەبێت..؟**

-بەڵێ هەیانە، ئەوانەی ئەم جۆرە تاوانانە ئەنجامدەدەن لێزانو شارەزاییو تاقیکردنەوەی باشیان هەیە، مەشقی چڕیان پێکراوە، زیاتر لەدەرەوەیە، ناتوانم بڵێم لەعیراق، چونکە عیراق ئەزموونی وای نەبووە، خەڵکیش زۆر گیراوە، هەیە سوریە یان یەمەنییە یان ئەفغانییەو یان لەئێرانەوە هاتووەو لەوڵاتانی تریش هاتوون، چونکە سنوورەکان زۆر بەتوندی نەگیراون.

***ئەو کەرەستەی تەقینەوەیە چۆن ئامادە دەکرێت..؟**

-بەڕای من بنکەیەك هەیە لەناوەوەی وڵات هاوکاریی ئەو تیرۆریستانە دەکەن، چ لەڕووی ماددی یان زانیاری، بۆ کوێ بچێت، بۆ کوێ نەچێت..؟ کابرایەکی یەمەنی دێت بۆ ئێرە چووزانێت بارەگاکان لەکوێنو چۆن بۆیان بچێت. هەروەها بەپارە چەكو تەقەمەنی لەناوەوە دەکڕن، چونکە لێرە تەقەمەنی زۆرە، لەدەرەوە کەدێن لەناوەوە هاریکاریی دەکرێن..

# د. بورهان یاسین: دەبێت گرێبەستێکی نەتەوەیی لەنێوان عیراقی عەرەبیو کوردستاندا هەبێت

بەشی سێیەمو کۆتایی

***کەواتە تۆ رات وایە کەکورد لەبەردەم هەردوو ئەگەردایە، یان سپێدەیەکی باشتر یان سپێدەیەکی خراپتر, کاراکتەری سەرەکی هەڵبژاردنی یەکێك لەو ئەگەرانە کورد خۆیەتی..؟**

-سەدی سەد بەرەورووی ئەو دوو ئەگەرەیە، تەواو وەك دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەمە، یان ئەوەتا کورد دەبوو بەخاوەن دەوڵەت، یان ئەوەتا کورد بۆ هەڵدێر, کەدیارە بەوەی دووەمیان کەوتەوە, لەگەڵ بوونی هەندێك دەرفەت وەك حکومەتی سلێمانی ، هەروەها جێگای کورد بەشێوەیەکی یەکجار سنووردار لەناو سیاسەتی بەریتانیاو (عصبة لأمم) کۆمەڵەی نەتەوەکانو دەوڵەتی عیراق بووەوە, لەگەڵ ئەوەشدا دۆخەکە جارێکی تر بەدابەشکردنی کوردستانو مەحروومکردنی کورد لەسەروەریی خۆی یەکتەواوبوو، واتە ئێستا ئێمە بەرەورووی دوو ئەگەرین، ئەگەری هەڵدێرانو پاڵپێوەنان بۆ لوتکە, بەبڕوای من بزووتنەوەیەکی وەك ریفراندۆم ئەگەر بزووتنەوەیەك بێت وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەتوانێت ببێتە ئەو پاڵپێوەنانە بۆ سەر لووتکە.

***لەمیانەی قسەکاندا باسی دەستوورت کرد، ئەگەر عیراق بووە عیراقێکی دەستووریی، ڕەنگە بۆ کورد زەحمەتبێت بتوانێت گۆڕانکاریی بکات، چونکەعیراق بەشێوەیەکی دەستووریی دروست دەکرێتەوە، بەڕای تۆ ئەگەر ئێمە ئێستا بێینە سەر شەڕی دەستوور، کورد دەبێت ئیش بۆ چ دەستوورێك بکات..؟**

-بەبڕوای من دەبێت جارێ پێش هەموو شتێك هەولبدرێت کەگرێبەستێکی(عقد) نەتەوەیی لەنێوان عیراقی عەرەبیو کوردستاندا هەبێت، بەر لەدەستوور کەچوارچێوەیەکی سیاسیی عیراقی داهاتووە، ئەگەر ئەو عەقدە هەر مومکین نەبوو، بیرۆکەکانی ئەو عەقدەی کەلەبیری ئێمەی کورددایە بخرێنە ناو دەستوورەوە، ئەویش ئەوەیە کەکورد مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، کورد مافی ئەوەی هەیە ریفراندۆم بکات، پێویستە مافی گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك، مافی چارەی خۆنووسین، ریفراندۆم لەدەستووردا وەك مافێکی کورد بچەسپێت، ئەو شێوە چارەیە ئێستا لەسودان هەیە، ئەو پەیمانە ئاشتییەی کەلەسەر ڕێیە لەنێوان ڕێککەوتننامەیەکی ئاواش هەبێت کەدوای سێ ساڵ یان شەش ساڵ ئەگەر کورد حەزی کرد لەئەنجامی ریفراندۆمێکدا بڕیاربدات بمێنێتەوە لەعیراق یان جیابێتەوە، هەروەك لەسێڤر هاتووە, لەسێڤر کوردستانی سەربەخۆ

## پێویستە مافی گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك، مافی چارەی خۆنووسین، ریفراندۆم لەدەستووردا وەك مافێکی کورد بچەسپێت

لەکاتێکدا ئەگەر دەوڵەتی عیراق سەرکەوتوو نەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد وەك پێویست، یاخود لەحاڵەتی ناکۆکی لەنێوان هەرێمو دەوڵەت، یان حکومەتی یەکگرتوو (إتحادي) ئەوەتا کورد بۆی هەیە نەك بگەڕێتەوە دادگایەکی دەستووری کەئاوا پێشنیارکراوە، چونکەلەدادگای دەستووریشدا لەوانەیە زۆرینەی عەرەبی هەبێتو لەوێشدا تۆ بیدۆڕێنیت، یان لەدادگای دەستووریدا وەرگێڕانێکی (ترجمة) چەوتی دەستوورو قانوون بکرێت لەوێشدا تۆ دۆڕاوبیت، واتە خەرتوومو باشووری سوودان فیدراڵی دەدات بەباشووری سودان، بەڵام دوای سێ تا شەش ساڵ ئەوە مەرجی ڕێککەوتنە، باشووری سوودان بەبێ مەرج بۆی هەیە ریفراندۆم بکات لەسەر ئەوەی کەئایا لەگەڵ خەرتووم بمێنێتەوە، یان جیابێتەوە، بەقەناعەتی من لەنێوان ئەوانەی لەناو ریفراندۆم بەشێوەیەکی ئاشکرا باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەنو لەڕەوتی سیاسیی گشتی کوردیدا کەداوای فیدراڵی دەکات، چارەی سێیەم هەیە ئەویش ئەوەیە کەتۆ فیدراڵی قبووڵ بکەیت، هەم ئیقرار نەکراوە، بەڵکو بۆ یەکەمجار ئۆتۆنۆمیە، دوای ساڵێك کوردستانێکی سەربەخۆ لەئەنجامی ڕاپرسیەکی گشتی یان دەنگدانێکی گشتی لەناو ئەو ناوچەیەی کەنەخشەی کوردستانی لێپێکدەهات دروست دەبوو..

*** هەست دەکەیت تائێستا بزاڤی سیاسیی کوردی یان وتاری سیاسیی کوردیی زیاتر ئیش لەسەر شتی زارەکی (شفهي) دەکات، بۆنموونە زۆر شت هەیە وەکو بەڵگەنامە نەمانخستۆتەروو کار بەئیشی دۆکیومێنتی ناکرێت، پێتوانییە تەرکیزنەکردنە سەر ئەو ڕەهەندە بەڵگەنامەییە زیانێکی زۆرمان لێبدات..؟**

-پێموایە دوو خاڵی گرنگ هەیە ئەوەی خۆت باستکرد کەزۆرجار شتی زۆر گرنگو چارەنووسساز بەزارەکی کراوەو نەخراوەتە سەر کاغەزو پرۆتۆکۆڵو ئەمانە، سەرەڕای ئەوەی کەئەو شتانەی کەبوونەتە پرۆتۆکۆڵیش بەیەك وشە شتێکی زۆرچارەنووسساز بڕیاری لەسەردراوە، ئەویش لەبەرژەوەندیی کورد نەبووە، من ئاماژە بۆ بەندێکی کۆنفرانسی لەندەن کەلەنۆڤەمبەری پاردا کرا دەکەم، لەوێدا باس لەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان دەکات سەبارەت بەفیدراڵی,کەوشەی ئیحترام-ی بۆ بەکارهێناوە لەجیاتی ئیقرار، لەنێوان ئیحتیرامو ئیقراردا جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە، ئەوانەی کەئەو پرۆتۆکۆڵە ئیمزا دەکەن، لەسەریان پێویستە بەحەدی حەرفی جەر لەسیاغەدا وەستابن, ئاگادارینو قانوونییەکی چاك بن، زمانزانێکی چاك بن، ئەگەر بگەڕێینەوە ئەو مقۆمقۆیەی لەنێوان فەلەستینییەکانو ئیسرائیلدا پەیدابوو لەسەر مەسەلەی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ لەلایەنی زمانەوانیو قانوونی، دوایی فەلەستینییەکان بۆیان ئاشکرابوو کەپێویستییان بەکۆمەڵێك ڕاوێژکاری قانوونی زمانەوانی هەبوو کەئیسرائیلییەکان هەیان بوو، بەڵام ئەوان نەیان بووو هەندێك شتیان بەسەردا تێپەڕی، هەندێك خاڵی گرنگ کەتۆ باست کرد وەك ئەوەی تائێستا شتەکان زارەکیین, من باسم کرد شت خستنە سەرکاغەز لەخاڵێکدا کۆدەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە بزووتنەوەی کورد تائێستا کولتووری دەوڵەتی نییە، کولتووری دەوڵەت شتێکەبەڕاستی کورد هێشتا پێی نەگەیشتووە لەبەرئەوەی خەباتی بۆ دەوڵەت نەکردووە، لەبەرئەوەی خەباتی بۆ شتێکی تر کردووە کەدەوڵەت نییە، بەبڕوای من بزووتنەوەی کورد بوونی بەخاوەن کولتووری دەوڵەتو عەقلییەتی دامەزراوەو عەقلییەتی پرۆتۆکۆڵو نووسینەوەی شتەکانو بەقاڵبکردنی لەچوارچێوەی ئەو دابو نەریتانەی کەلەناو کولتووری دەوڵەتدا هەیە، مەسەلەیەکە هێشتا کورد پێی نەگەیشتووە، هەوڵی زۆریشی دەوێتو یەکێك لەتەفسیرەکان ئەوەیە کەئێمە بۆ دەوڵەت هەوڵمان نەداوە، ئەگەر بۆ دەوڵەت هەوڵمان بدایە، هەوڵی ئەوەشمان دەدا ببین بەخاوەنی ئەو کولتووری دەوڵەتە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بین، ئایا سبەینێ کەبووین بەخاوەن دەوڵەت ئەو کولتوورە لەکوێ بهێنین، ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگەو زانایان لەسەر سیاسەتو مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەسەری ڕاوەستاون، لەجیاوازیی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیلو دەوڵەتی عەرەبی، بۆچوونێکی وا هەیە بەگشتی کەلەلای جووەکان دەوڵەت دروستبوو بوو، بیرۆکەی دەوڵەت هەبوو، هێشتا دەوڵەت دروست نەبوو بوو، بەڵام هی عەرەب بوون بەخاوەنی دەوڵەتو هێشتا بیرۆکەو کولتووری دەوڵەتیان نەبوو، ئەوە جیاوازییەکی یەکجار گرنگو گەورەیە، وروژاندنی ئەو مەسەلەیە بەڕاستی دەگاتە ئاستی ستراتیژی.